Kurdistan parliament- Iraqi
Kurdistan - Erbil

پەرلەمانی کوردستان ـ عیراق
کوردستان ـ هەولێر

NO: ٨٥٦
DATE: ١٧/١/٠٨

ژمارە:
ڕۆژ:

## بۆ/ سەرۆکایەتی پەرلەمان
## بابەت/ پرۆژە یاسا

سلاو رێز....

ئێمە ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان کە لە خوارەوە واژوومان کردووە داواکارین پرۆژەیاسای (دەستەی یەکە پزیشکیە تایبەتەکان لە کوردستان ـ عێراق / دەستەی نەخۆشخانە تایبەتەکان) بخرێتە بەرنامەی کارەوە و خوێندنەوەی یەکەمی بۆ بکرێت.

لەگەڵ رێزماندا

| ژ | ناوی ئەندام | واژوو |
|---|---|---|
| ١ | د. سرود سليم متي | |
| ٢ | ماجد عثمان توفيق | |
| ٣ | ئومێد عبدالرحمن حسن | |
| ٤ | شيلان جعفر علي | |
| ٥ | حسين اسماعيل احمد | |
| ٦ | محمد صادق السورچي | |
| ٧ | شوان شيخ ئەحمەد | |
| ٨ | گوڵاڵ هادي عمر | |
| ٩ | حيات مجيد رضي | |
| ١٠ | محمد سعدالدين | |

| | | |
|---|---|---|
| ١١ | هيفا فرحات | |
| ١٢ | فيروز طه | |
| ١٣ | د. نسرين موسى | |
| ١٤ | فياض عباس | |
| ١٥ | شكرية اسماعيل مصطفى | |
| ١٦ | رولا محمود عبد الكريم | |

# دەستەی یەکەپزیشکیە تایبەتیەکان لەکوردستان-عیراق

# (دەستەی نەخۆشخانە تایبەتەکان)

پێناسە :

- وەزارەت -وەزارەتی تەندروستی .
- یەکە پزیشکیە تایبەتیەکان : نەخۆشخانەی تایبەت ,نۆشگەی نەشتەرگەری ڕۆژانە ((العیادە الجراحیە الیومیە)) و سەنتەری پزیشکی تایبەت مەند بۆ نموونە ڕاهێنانی پزیشکی , سەنتەری چاو.. هتد . هەموو ئەوانەی کەلە فەرمانگەی تەندروستی یان وەزارەتی تەندروستی مۆڵەتیان پێدراوە .
- دەستە : دەستەی یەکە پزیشکیە تایبەتیەکان .
- سەندیکا : سەندیکای پزیشکانی کوردستان .
- ئەنجومەنی کارگێڕی : ئەنجومەنێکە بۆ کارگێڕی دەستە کەلەلایەن ئەندامەکانەوە هەڵ دەبژرێن .
- ئەنجومەنی باڵا : گەورەترین دەسەڵاتە بۆ بەڕێوەبردنی دەستە کەلەلایەن ئەندامانەوە هەڵدەبژێردرێ.

## مادەی یەکەم:

دەستە دوای دامەزراندنی سەربە ئەنجومەنی وەزیران دەبێت .

هەموو یەکە تایبەتیەکان لەخۆ دەگرێت کەبەشێوەیەکی فەرمی ڕێگە پێدراون لەکوردستان کاردەکەن ... بارەگای لەهەولێر دەبێت و دەتونێ لەداهاتوودا لق لەشارەکانی تر بکاتەوە بەبڕیاری ئەنجومەنی باڵاو کارگێڕی .

## مادەی دووەم:

أ / هەموو نەخۆشخانەیەکی تایبەت کەلەسەرەوە پێناسەکراوە دەبێتە ئەندام لەم دەستەیەو مۆڵەتی فەرمی پێدەدرێت دوای ڕەزامەندی دەستە .

ب / یەکەی پزیشکی بەپێی پسپۆڕیەتی خۆی مۆڵەتی پێ دەدرێت بۆی نیە جۆری پسپۆڕیەتی خۆی بگۆڕێت تەنها دوای ڕەزامەندی دەستە .

## مادەی سێیەم:

## ئامانجەکانی دەستە

- پەرەپێدانی گیانی یارمەتی و هاوکاری نێوان یەکە تایبەتیەکان لەپێناو باشتر کردنی خزمەت گوزاری تەندروستی بۆ هاوڵاتی و گەشەپێدانی ئەم خزمەت گوزاریە بۆ گەیشتن بەستاندەری جیهانی
- هاوکاری لەگەڵ لایەنەپەیوەندیدارەکان بۆ ئەوەی هەمیشە پیشەی پزیشکی بەبەرزی بمێنێتەوە .
- بەشداری کردن لەچالاکیە پزیشکیەکان کەلەکوردستان و دەرەوە ئەنجام دەدرێت .
- پێش کەش کردنی ڕاو بەشداری کردن لەدانانی نرخ بۆ کەرتی تایبەت ئەگەر پێویست بوو ... ئەم کارە بەهەماهەنگی دەستەو وەزارەتی تەندروستی و سەندیکای پزیشکان دەبێت .
- بەسەر کردنەوەو پشکنینی یەکە تایبەتیەکان بۆ ئەوەی بیانگەیەنینە ئاستێکی بەرز لەهەردوولایەنی پزیشکی و هۆتێلەوانی، وسەرپەرشتی بەردەوام بۆ دلنیابوون لە پیشکەش کردنی لایەنی زانستی وپزیشکی وهۆتیلەوانی, بەهەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی تەندروستی .
- کارکردن بەپێی یاساو ڕێنمایی پزیشکی .
- پێش کەش کردنی پێشنیار بۆ دانان و گۆڕینی یاسای پزیشکی و تەندروستی لەپێناو پەرەپێدانی کاری پزیشکی لەکوردستان .
- بەهێزکردنی پەیوەندی لەگەڵ کۆمەڵە و لایەنە پزیشکییە جیهانیەکان .
- پشتگیری کردنی یەکەتایبەتیەکان و کار ئاسانی بۆ دابینکردن و مەشق پێ کردنی پزیشك و کارمەندان.
- هەوڵدان بۆ دابینکردنی ئامێروپێداویستی پزیشکی بۆیان بەهەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی تەندروستی.
- چارەسەرکردنی ئاشتیانەی کێشەی نێوان ئەندامانی دەستە بەلاَم ناکۆك نەبێت لەگەڵ ئەویاسایانە ی لەسەندیکاو وەزارەتی تەندروستی هەن.